

# لە ڕۆژی جیهانیی کرێکاراندا

## داوای ئاوڕدانەوەی جددی
## لە کرێکارانی کوردستان دەکرێت



کرێکارانی مێشك و بازوو، چینێکی زۆر کاریگەری هەر کۆمەڵگەیەکن و ئەم توێژە لە سەرانسەری وڵاتانی جیهاندا رۆڵێکی بەرچاویان لە گشت جومگەکانی ژینگەی مرۆڤدا هەیە و، لە گەشەی ئابووری و ئاوەدانیی وڵاتدا زۆرترین ئەرکیان لەسەر شانە و لە دابینکردنی مافەکانیشیاندا کەمترین ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان کە هەتا ئێستاش یاسایەك نییە بیمە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئەم چینە زەحمەتکێشە دابین بکات. هەر بۆیە لە ساڵهاتی رۆژی جیهانیی کرێکاران (یەکی ئایار)دا داوای ئاوڕدانەوەی جددی لە کرێکارانی کوردستان دەکرێت. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان راو سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە هەیە.

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

**پێویستە لەم ڕۆژە پیرۆزەدا کە بە قوربانیدان و خوێنی کرێکاران دروست بووە، یادی ئەو قوربانییانە بەرز ڕابگرین و داکۆکی لە مافەکانی کرێکاران بکەین**

**کرێکار هەر ئەوە نییە لە بواری بیناسازی کار بکات و دەست بداتە قازمە و خاکەناس و عەرەبانە، بەڵکوو ئەوانەش کە لە بەرامبەر مووچەیەکدا وەک کارمەندێک کاری ئیداری دەکەن، هەر کرێکارن**

زۆربەی کرێکاران لە ڕۆژی جیهانیی خۆیاندا کاردەکەن

موژدە کەمال، وەک خۆی باسیکرد، دەرچووی زانکۆیە و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە کارگێڕیی کار، بەڵام دوای ئەوەی هەوڵەکانی بۆ دامەزران لە کەرتی گشتی سەرکەوتوو نەبووە، بڕیاری داوە لە کەرتی تایبەت کار بکات و ماوەی دوو ساڵیشە لە مۆڵێکی هەولێر وەک فرۆشیار کاردەکات. ئەو خاتوونە سەبارەت بە ڕۆژی جیهانیی کرێکاران دەڵێت: «سەرەتا بە بۆنەی یەکی ئایار و ڕۆژی جیهانیی کرێکارانەوە پیرۆزبایی لە هەموو ئافرەتان و پیاوانی کرێکاری کوردستان دەکەم. دواتر بە پێویستی دەزانم لەم ڕۆژە پیرۆزەدا کە بە قوربانیدان و خوێنی کرێکاران دروست بووە، یادی ئەو قوربانییانە بەرز ڕابگرین و داکۆکی لە مافەکانی کرێکاران بکەین.»

موژە هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کرێکار هەر ئەوە نییە لە بواری بیناسازی کار بکات و دەست بداتە قازمە و خاکەناس و عەرەبانە، بەڵکوو ئەوانەشی لە کارگە جۆراوجۆرەکان و مەعمەل و کۆمپانیاکان کاردەکەن، تەنانەت ئەوانەش کە لە بەرامبەر مووچەیەکدا وەک کارمەندێک کاری ئیداری دەکەن، هەر کرێکارن، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا کرێکاران هیچ مافێکیان نییە، گوتیشی: «زۆر بەداخەوە زۆربەی کرێکاران لە ڕۆژی جیهانیی خۆیاندا کاردەکەن. کرێکارانی کەرتی تایبەت لە مووچەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێبەشن. ئەو ڕۆژەی کار نەکەن، خۆیان و خێزانیان نان نییە بیخۆن، تا ئێستاش لە لایەن حکومەت و پەرلەمانەوە کاری جددی لە کێشە و گرفتەکانی کرێکاران نەکراوە.»

هیچ گەرەنتییەک بۆ ژیانی ئێستا و داهاتووی کرێکاران لە ئارادا نییە

هونەر عەلی شارەزا لە بواری ئابووری، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «دۆخی کرێکارانی کوردستان زۆر زۆر خراپە و هیچ گەرەنتییەک بۆ ژیانی ئێستا و داهاتووی کرێکاران لە ئارادا نییە. بەهۆی هێنانی کرێکاری بیانی و هاتنی بە لێشاوی ئاوارەکان بۆ کوردستان، کرێکاری کورد هەیە لە یەک مانگدا دە ڕۆژ کاری دەست ناکەوێت. ئەوە سەرباری ئەوەی ئەگەر کرێکارێک لەسەر کارەکەی بە هەر هۆکارێک کەمئەندام بێت، یان تەنانەت گیانی لەدەست بدات، هیچ یاسایەک بۆ قەرەبووکردنەوەی خۆی و خێزانەکەی بوونی نییە.

هەروەها یاسای کرێکارانی کەرتی تایبەت وەک یاسای کەرتی گشتی نییە و سەلامەتی و گیانی کرێکارن لەبەرچاو ناگیرێت، کرێکاران لە کەرتی تایبەت لە مافی خانەنشینی لە دوای تەمەنی یاساییش بێبەش کراون.» گوتیشی: «ئامانجی سەرەکیی حکومەت بریتییە لە ڕێکخستنی بواری ئابووری بەو مەرجەی خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی کۆمەڵگە دابین بکات. هەموو هاووڵاتییەکیش مافی خۆیەتی ژیانێکی خۆش و گوزەرانێکی باشی هەبێت، بۆیە ئەرکی حکومەتە بەو کارە هەستێت و وابکات دانیشتووانی وڵاتەکەی لە ژیانێکی باشدا بن. ئامانجێکی دیکەی حکومەت بریتییە لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و یارمەتیدانی هەژاران و کەمدەرامەتان، لێرەدا پێویستە حکومەت بیمەی بێکاری بۆ ئەو هاووڵاتیانە دابین بکات، کە کاروکاسبییان نییە و ژیانیان سەخت و دژوارە و بژێوی خۆیان پێ دابین ناکرێت. ئەرکی حکومەت هەوڵدانە بۆ پەیداکردنی کار بۆ هەموو ئەوانەی بێکارن، تا دەستکەوتنی کار، پێویستە بیمەی بێکاری وەربگرن و لە ژیانێکی شایستە بە مرۆڤبوون بژین.»

سنۆبەر یاسین، لە کۆمپانیایەکی بازرگانی کاری ژمێریاری دەکات و لە دەستپێکی قسەکانیدا بە بۆنەی ڕۆژی یەکی ئایارەوە پیرۆزبایی لە کرێکارانی کوردستان دەکات و هاوکات دەڵێت: «زۆر جار کە باسی کرێکار دەکرێت، تەنیا پیاوانی کرێکار مەبەستیانە، ئەوەش شتێکی نارەوایە، چونکە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئافرەتانی کرێکاریش بوونیان هەیە، بەتایبەتی لە کوردستان، کە ئافرەتی کورد شان بە شانی پیاو کاردەکەن و زۆر ئافرەتیش لە بواری جۆراوجۆر کاردەکەن، ئیتر لە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی شیرنەمەنی و ترشیات و خۆراکی بێ، یان کارگەیەکی درووومانی جلوبەرگ و...هتد، واتە لە کۆمەڵگەی ئێمەش ئافرەتی کرێکار زۆرن و زۆرجاریش ڕەنگە لە پیاوان زیاتر کاربکەن، بەڵام بەداخەوە مووچەیان زۆر کەمترە لە پیاوان و زۆربەشیان ڕۆڵی سەرپەرشتی خێزان دەبینن، یان هاوسەریان نەخۆش و پەککەوتەیە و توانای کاری نییە، یان کۆچی دوایی کردووە. بۆیە پێویستە حکومەت ئاوڕێکی زیاتر لە کرێکارانی ئافرەت بداتەوە و بەرنامەو پلانی ستراتیژی هەبێ بۆ هاندانی ئافرەتان بۆ کارکردن لە ڕێگەی پێدانی قەرز بۆ پرۆژەی بچووک و گەورە و



**کرێکارانی کەرتی تایبەت لە مووچەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێبەشن. ئەو رۆژەی کار نەکەن، خۆیان و خێزانیان نان نییە بیخۆن**

گرنگیی زیاتریش بە مافەکانی کرێکاران بە هەردوو رەگەزەوە بدات راگەیاندنەکانیش دەبێت رۆڵی زیاتریان هەبێت لە دروستکردنی فشار لە سەر پەرلەمانی کوردستان تا بە یاسا مافەکانی کرێکاران جێگیر بکرێن و رزگاریان بێت لەوەی کە داهاتوویان نادیارە.»

کورتەیەك لە بارەی دروستبوونی رۆژی جیهانیی کرێکاران:

یەکی ئایاری هەمووساڵێك وەك رۆژی جیهانیی کرێکاران دەستنیشان کراوە و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە بایەخەوە یادی ئەو رۆژە دەکەنەوە. دیارە ئامانج لە یادکردنەوەی رۆژی جیهانی کرێکاران رێزگرتنە لە ئەرك و ماندووبوون و مافەکانی کرێکاران و بەرزنرخاندنی پێگە و توانای کرێکارانە و چالاکیی جۆراوجۆریش لە رۆژەدا بەرێوە دەچێت.

مێژووی دیاریکردنی رۆژی جیهانیی کرێکاران، بۆ یەکی ئایاری ساڵی ١٨٨٦ دەگەرێتەوە، کاتێك رێکخراوی سوارچاکانی کاری ئەمریکا داوای کرد لەو رۆژەوە کار بە سیستمی هەشت سەعات کار لە رۆژێکدا بکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش مانگرتن و خۆپیشاندانی فراوان چەندین ناوچەی پیشەسازییان تەنی و توورەیی و نارەزایەتییەکی گەورەی دەسەڵاتدارانی لێکەوتەوە.

لەو رۆژەدا شاری شیکاگۆی ویلایەتی ئیلینۆی ئەمریکا زۆرترین چالاکیی نارەزایی و مانگرتنی بەخۆوە بینی، بە جۆرێك دوای سەرکەوتنی ئەو چالاکییانە، کرێکارانی شارەکە داوای درێژکردنەوەی ماوەی مانگرتنەکەیان کرد بۆ رۆژانی ٣ و ٤ ی ئایاری هەمان ساڵ و بانگەشەیان بۆ کۆبوونەوەیەکی ئاشتیخوازانە کرد لە گۆرەپانی (های مارکێت)، کە ئێستا چەندین پەیکەری تایبەت بەو یادە لەخۆدەگرێت، بەڵام تووشی سەرکوتکردنی دەسەڵاتداران بوونەوە و هێزەکانی سەربازی بە دەستریژی گوللە کەوتنە وێزەی کرێکارانی مانگرتوو، بە بیانووی ئەوەی لە نێو کرێکارانەوە بۆمبێك تەقێندراوەتەوە و پۆلیسێك کوژراوە. لەو رۆژە خوێناوییەدا زیاتر لە ٢٠٠ کەس کوژران و هەشت سەرکردەی سەندیکاکانی کرێکارانیش سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو. ئەو رووداوە خوێناوییە هێز و تینی زیاتری بە بزووتنەوە کرێکارییەکان بەخشی، ساڵی ١٨٨٩ ئینتەرناسیۆناڵی دووەم لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا داوای کرد رۆژی یەکی ئایار بکرێتە رۆژێکی جیهانی بۆ کرێکاران هەتا وەك سیمبولێك بۆ بیرهێنانەوە و نرخاندنی خەبات و تێکۆشانی ئەو شۆرشگێرانە بێت کە لە پشێوییەکانی شیکاگۆ بوونە قوربانی و ئامانجیان تەنیا بەدەستهێنانی مافەکانیان بوو.

**ئەگەر کرێکارێک لەسەر کارەکەی بە هەر هۆکارێک کەمئەندام بێت، یان تەنانەت گیانی لەدەست بدات، هیچ یاسایەک بۆ قەرەبووکردنەوەی خۆی و خێزانەکەی بوونی نییە**

**کرێکارانی کەرتی تایبەت وەک یاسای کەرتی گشتی نییە و سەلامەتی و گیانی کرێکارن لەبەرچاو ناگرێت، کرێکاران لە کەرتی تایبەت لە مافی خانەنشینی لە دوای تەمەنی یاساییش بێبەش کراون**

# کۆنفرانسی پرسی ئافرەت لەمیدیای کوردیدا

**٢٣ ی نیسان لە (١٢١) ەمینیساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی، لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سپۆنسەری میدیایی کوردستان ٢٤، کۆنفرانسێکی زانستی بە ناونیشانی (پرسی ئافرەت لە میدیای کوردیدا) ئەنجامدا، سەرەتا پێشانگایەك تایبەت بە خستنەڕووی ژیان و ئەزمونی ئافرەتانی کوردی گوندنشین کرایەوە و پاشان لە میانی کۆنفرانسەکەدا (٤) پانێڵ لە تەوەرەکانی (باڵانسی جێندەری لە میدیای کوردیدا، میدیا و بزوتنەوەی ئافرەتان، وێنای ئافرەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا و ئاڵنگارییەکانی بەردەم میدیاکارانی ئافرەت) لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و شارەزایانی بواری میدیا و جێندەر و کۆمەڵناسی پێشکەش کران.**

د.ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە بەشێکی وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت، هەوڵ دەدات لە هەر بوارێکدا کاریگەری هەبێت لەسەر پێشکەوتن و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگە ڕۆڵی جدی هەبێت، لەم نێوەندەشدا راگەیاندن نەك تەنیا وەك ئامرازێکی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری و گوزارە کردن لە بیربۆچوون، بەڵکو وەك یەکێك لە هەرە گرنگترین ئامرازە کاریگەرەکان لەسەر کۆمەڵگە و دروستکردنی رای گشتی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

لەم سۆنگەیەوە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان گرنگییەکی زۆر بە راگەیاندن دەدات و لەرێگەی چەندین ئامراز هەوڵدەدات رای گشتی لەبارەی پرسی ئافرەت هۆشیار بکاتەوە، لەسۆنگەی هەستکردن بەو کەموکوتیانەی کە لە میدیای کوردیدا بەدی دەکرێت، لە چۆنیەتی مامەڵ کردن لەگەڵ پرسی ئافرەت و ئاستی بەشداری کەناڵەکانی راگەیاندن، سەرەڕای پێشکەوتنە بەرچاوەکانی خانمان، سەرەڕای بوونی هەندێك خاڵی ئەرێنی و بەرزبوونەوەی رێژەی بەشداری ئافرەت لە میدیای کوردی بەراورد بەساڵانی پێشتر، بەڵام تائێستا زۆربەی هەرە زۆری بەڕێوەبەری دەزگاکانی راگەیاندن پیاوانن، زۆرجار کەناڵەکانی راگەیاندن سەرەڕای بانگەشەکانیان بۆ دیموکراسی و پێشکەوتن بەرپرسیارانە و پرۆفیشناڵانە مامەڵ لەگەڵ پرسی ئافرەت ناکەن و بوار نادەن عەقڵ و دنیابینی ئافرەت بەشدارییەکی کارا لە رەوتی بەڕێوەبردنی کەناڵکە بکات، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەم کۆنفرانسەدا ئامانجی دروستکردنی پردی پەیوەندییە لەنێوان رێکخراوەکان، بزووتنەوەی ئافرەتان بە تایبەتی و دەزگاکانی راگەیاندن بە گشتی، بۆ دارشتنی گوتارێکی هاوسەنگ بۆ پشتیوانی پرسی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

هەر لەم کۆنفرانسەدا ساسان عەونی بەرپرسی دەستەی رێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەمجۆرە پیرۆزبایی ساڵوەگەڕی رۆژنامەگەری کوردی ئاراستەی رۆژنامەنووسان و میدیاکاران دەکات:

بە بۆنەی ٢٢ی نیسان، ١٢١مین ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، بە ناوی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بە تایبەتیش ڕۆژنامەنووسانی ڕێکخراوەکان دەکەین. هیواداریین ئەم یادە، هاندەری زیاتری سەرجەم میدیاکار و ڕۆژنامە نووسان بێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر و داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیەکان و لە پیرۆزی کاری ڕۆژنامەگەری و پاراستنی بەها بەرزەکانی پیشەی ڕۆژنامە نووسیی.

ئاشکرایە کە ڕۆل و بەشداری ڕێکخراو و یەکێتییەکان لە بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لە ئاستێکی باڵا بووە و بەشدار بوویەکی کارای بەرەو پێشبردنی بزاڤی ڕۆژنامەگەری کوردستان بوونە و هەردەم ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکان مینبەری داکۆکیکردن بوونە لە پرسە گشتیەکان و پرسە تایبەتەکانی توێژ و کەرتە جیاجیاکان.

هەرلەم بۆنەیە، دەستخۆشی لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەکەین، کە لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەم چالاکیە جیاوازەیان ڕێکخستووە بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و بەتایبەتیش قسەکردن لەسەر پرسەکانی پەیوەندار بە ئافرەتان لەناو میدیای کوردستاندا، کە




پرسێکی گرنگ و مژاڕێکە، پێویستی بە ڕامان و بەدواداچوونی زانستیانە هەیە.

ئێمە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، تەنها وەك ڕێکخراوێکی سنووردار، تایبەت بە توێژێکی دیاریکراوی ناو حزبێکی سیاسی نابینین و هەژماری ناکەین.

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان یەکەم ڕێکخراو و پێشەنگی کاری ڕێکخراوەیی ئافرەتانە، لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا. هەم دێرینی خەباتی و هەم جۆر و چۆنیەتی کارکردنی، بەردەوام ئەم پەیامانەی گەیاندووە کە داکۆکیکاری پرسی ئازادی و یەکسانی و دادخوازی هەموو ئافرەتانی کوردستانە بێ جیاوازی و ئەم ڕاستیەشی بەڕاستگۆیی، بەکردار سەلماندووە و ئومێدمان وایە بەردەوام بێت.

بەڵام ڕەزامەندی بەو مانایە نایەت کە ئیتر جۆرێك لە لەخۆبایی بوون یان ڕاوەستان و گۆشەگیری بە کارەکانی ئەم ڕێکخراوە لە خزمەتی ئافرەتان دیاربێت، بەڵکو ئێستا، ئەم سەردەمە تازە و دەرهاویشتە تازەکانی، لەسەر هەموو ئاستە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیەکاندا، وا دەخوازێت کە یەکێتی ئافرەتان و دەزگاکانی، چالاکەکانی، ڕێکخراوەکانی تری ئافرەتان، تەنانەت ئەو ئافرەتانەش کە ئینتیمای ڕێکخراوەیی و سیاسیان نیە، لەگەڵ یەکتری هاوکاربن، هەماهەنگ بن، ئەم کێشە و پرس و دەرهاویشتە تازانە شیبکەنەوە و لە دیدگای جۆرا و جۆرەوە کاردانەوەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان و بەتایبەتیش لەسەر خێزان و ئافرەتان بزانن.

بەشێوەیەکی تایبەت دەمانەوێت لە دوو پرسدا زیاتر چالاك بن لە کاری هۆشیاری ئافرەتان بە گشتی لە میدیای دیجیتاڵ و کۆمەڵایەتی، هەروەها بایەخدانی زیاتر بە هۆشیاری تەندروستی، نەوەك تەنها هۆشیاری سەبارەت بە نەخۆشیە باوەکانی ئافرەتان، بەڵکو ئەو کاریگەریە تەندروستیانەی کە زۆرجار لە بێ زانیاری و نەزانینی هۆشیاری پێویستی تەندروستی و لێکدانەوەی زیانە دوور مەوداکانی هەندێ کەرەسە و بابەتی تر کە لەسەر تەندروستی ئافرەت دروستی دەکەن و بوونی میدیا بە ئامرازێك (بە بێ چاودێری دەزگا فەرمیە تەندروستیەکان) بۆ کردنە کاڵای ئافرەت و دەستکەوتنی زۆرترین قازانج لەسەر حیسابی تەندروستی ئافرەت، کارێکی جدی و هەرە گرنگتانە، کە دڵێرانە هەڵوێستتان وەك تاك وەك ئافرەت وەك بەشە کاریگەرەکی کۆمەڵگە بیکەن و جێبەجێی بکەن.

ئێمەش وەکو پارتی دێموکراتی کوردستان، وەك حزبە گەورەکەی کە قەناعەتەکانمان کردارەکانمانن، بە ڕێبەریی جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی، لەو بڕوایانەی کە لەسەری ڕاهێنراوین، لە ئازادی، لە مافی تاك، لە فرەیی و پێکەوەژیان، لە دیموکراتی و لێبووردەیی، لە قبوڵکردنی بەرامبەر و کرانەوە، لە دژ بوون لەگەڵ توندڕەوی و گۆشە گیری، لە پیادەکردنی مافەکانی ئافرەت، لە بڕوامان بە ڕۆڵبینینی ئافرەتان و کردنەوەی هەموو بوار و دەرگاکان لە بەردەمیان، لە پێناوی شکۆ و بەرزی کوردستان و میللەتەکەمان، لە پێناوی کوردستانێکی بەهێز، لەسەری بەردەوام دەبین و پشتگیری ئێوە، هاوکاربوون لەگەڵ ئێوە، بەرگریکردن لە مافەکانتان، بە ئەرکە لە پێشینەکانمان دەزانین و لەسەری بەردەوام دەبین.

هیواش دەخوازین ئەم بەرنامەی ئەمڕۆتان، هەنگاوی کرداری لەگەڵ بێت و بیروڕا و بۆچونەکانی مامۆستایان بکرێتە ئەو سیاسەت و ڕێنمایەی لە خزمەت ئافرەتان بەکاری بهێنن.